# پرۆگرامی بیمەی تەندروستی بۆ منداڵانی ڤیرجینیا

## پاراستنی منداڵەکانت شایەنی نرخێکە کە دەتوانیت لە ئەستۆی بگریت!

### ئایا FAMIS و Medicaid بۆ منداڵان چیە؟

**FAMIS** پرۆگرامی بیمەی تەندروستیە بۆ منداڵانی ڤیرجینیا. دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی جۆری دابین دەکات بۆ ئەو منداڵانەی کە بیمەی تەندروستیان نیە. **Medicaid** بۆ منداڵان هەروەها سوودێکی گەورە دابین دەکات و ڕووماڵی منداڵانی ئەو خێزانانە دەکات کە داهاتیان کەمە یان هیچیان نیە، تەنانەت ئەگەر منداڵەکانیش بە بیمەی تەندروستی ڕووماڵکرا بن. کاتێک داواکاری بۆ ڕووماڵکردنەکە پێشکەش دەکەیت، منداڵەکانت بۆ **FAMIS** و **Medicaid** بۆ منداڵان ڕەچاو دەکرێن.

### چی ڕووماڵ دەکرێت؟

- سەردانی پزیشک
- چاودێری نەخۆشخانە و فریاکەوتن
- پشکنینی منداڵ و کۆرپەی باش
- کوتان
- نووسینی دەرمان
- پشکنین و تیشکی ئێکس
- چاودێری بینین و ددان
- چاودێری تەندروستی دەروونی
- و زیاتریش...

هیچ تێچوویەکی مانگانە یان ساڵانە نیە بۆ خێزانەکەت لەگەڵ **FAMIS** و **Medicaid** بۆ منداڵان. بۆ ئەو منداڵانەی تەنها لە **FAMIS** بەشدارن، هاوپارەدانێکی بچووکی (2 بۆ 5 دۆلار) هەیە بۆ هەندێک چاودێری پزیشکی دیاریکراو.

### کێ شایستەیە؟

منداڵان دەکرێت شایستە بن بۆ **FAMIS** و **Medicaid** بۆ منداڵان ئەگەر:

- لە ڤیرجینیا بژیت و لە ژێر تەمەنی 19 ساڵان بن
- هاوڵاتی ئەمریکا بن (هەروەها هەندێک کەسی نا ئەمریکایش شایستە دەبن) هاوڵاتی بوونی دایک/باوک ڕەچاو ناکرێت
- هەندێک پێوەری داهاتی تێدا بێت (سەیری هێڵکاریی خوارەوە بکە)

### سنووورداری داهاتی **FAMIS** (کۆی)*

| قەبارەی خێزان | مانگانە | ساڵانە |
|---|---|---|
| 1 | $ 2,491 | $ 29,889 |
| 2 | $ 3,369 | $ 40,426 |
| 3 | $ 4,247 | $ 50,963 |
| 4 | $ 5,125 | $ 61,500 |
| 5 | $ 6,004 | $ 72,037 |

* لە *20ی* کانونی دووەمی 2023 جێبەجێ دەکرێت. سنووورداری داهات ساڵانە ڕێک دەخرێت. داواکاری بۆ ڕێنمایی زیاتر.

خێزانە کۆچبەرەکان کە منداڵی بەشدار تێچووی حکومییان لە سەر نابێت. وەرگرتنی **FAMIS** و **Medicaid** بۆ منداڵان کار ناکاتە سەر توانای خێزانێک بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئەمریکا.

### چۆن داواکاری پێشکەش بکەم؟

پێشکەشکردنی داواکاری بۆ **FAMIS** و **Medicaid** بۆ منداڵان ئاسانە.

تەنها پەیوەندی بە ژمارەی بەخۆڕایی 5582-522-833-1 بکە. وەرگێر بەردەستە. نوێنەرەکانی ئێمە تۆ بە کەسێکەوە دەبەستنەوە کەوا زمانی ویستراوی تۆ قسە دەکات.

یان برۆ بۆ commonhelp.virginia.gov بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بە ئۆنلاین.

هەروەها دەتوانیت لە فەرمانگەی ناوخۆیی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان داواکاری پێشکەش بکەیت.

بۆ لیستێکی بەڵگەنامە پێویستەکان لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری، سەردانی www.coverva.org بکە و کرتە لە سەر لاپەڕەی پێشکەشکردنی داواکاری بکە.داوات لێدەکرێت بەڵگەی دۆخی کۆچکردنی منداڵەکان پێشکەش بکەیت ئەگەر هاوڵاتی ئەمریکا نەبن.ئەگەر منداڵەکەت هاوڵاتیەکی ئەمریکیە، داوات لێدەکرێت ژمارەی بیمەی کۆمەڵایەتی منداڵەکەت لە سەر داواکاریەکە بنووسیت.